# مەرجە شەرعیەکان بۆ دروستکردنی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صالّح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الضوابط الشرعية لإنشاء الصحف الإلكترونية ﴾

« باللغة الكردية »

محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# مەرجە شەرعیەكان بۆ دروستكردنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی

**پرسیار:** ڕاتان چۆنە دەربارەی بەگەڕخستنی ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ؟ بەتایبەتی ئەگەر سەرنووسەرەكەی لەسەر ڕووداوێكی خراپی هەقیقی بنووسێت، وەك ڕوداوێكی دزی یان دەستدرێژی كردنە سەر ئافرەتێك، ئایا بڵاوكردنەوەی وەها هەواڵێك ئەچێتە چوار چێوەی بڵاوكردنەوەی خراپە وڕەوشتی ناپەسەندەوە ؟

**وەڵام :** الحمد لله .

دامەزراندنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی گەڕێكبخرێت بەمەرج وڕێكخەرە شەرعیەكان یەكێكە لەو كارانەی كە زۆر پێویستە بۆ ئەم سەردەمە، ئەویش لەبەر زۆری ئەو ڕۆژنامە ئەلكترۆنیانەی كە كاری خراپ بڵاودەكەنەوە لەناو ئومەتی ئیسلامدا، وە كار لەسەر برەودان بە فاحشە ئەكەن لەناو باوەڕداراندا، بۆیە ئەو كەسەی كە دەیەوێت ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی دابمەزرێنێت دەبێت

پابەند بێت بە کۆمەڵێك مەرج وڕێکخەری شەرعیەوە، کە گرنگترینیان بریتین لە :

**یەکەم :** ڕاستگۆی لە گواستنەوەی هەواڵەکان وگەڕان بەشوێن دروسترین وڕاسترینیاندا، لەپێناو کارکردن بەو فەرمانە خواییەی کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە کە دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ﴾ {الحجرات : 6} واتە : ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر کەسێکی متمانە پێنەکراوو (فاسق) هەواڵێکی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو لێی بکۆڵنەوە ، نەوەك بە نەزانی بەخەڵکێکدا هەڵبتەقێن و ئازار یان بدەن، ئەوجا لەو کارەی کردوتانە پەشیمان ببنەوە.

شێخ عبد الرحمن السعدي ئەڵێت : دڵنیابوونەوە لەبیستنی هەواڵ وپوختە وپاڵفتەکردنی وگواستنەوە وبڵاوکردنەوەی، وەدامەزراندی کارێك لەسەر ئەو هەواڵە، بنەماییەکی گەورە وبەسوودە { الفتاوى السعدية ص66} .

پێغەمبەری خوداش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : « كَفَى بِالْمَرْءِ كَذِبًا أَنْ يُحَدِّثَ بِكُلِّ مَا سَمِعَ » { رواه مسلم } واتە : بەسە بۆ كەسێك كە بەدرۆزن ناوببرێت، هەرچیەكی بیست بیگێڕێتەوە .

مەناوییش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە ئەڵێت : ئەگەر هاتوو ئەو كەسە بەشوێن ئەو قسەیەدا نەچوو، وەدڵنیا نەبوویەوە لەڕاستی، چونكە عادەتی وایە ڕاست ودرۆیشی گوێ لێ دەبێت، جا ئەگەر هاتوو هەرچیەكی بیست گێرایەوە، ئەوا بێگومان درۆیش دەكات {فيض القدير (2/5)} .

ئیمامی نەوەویش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت : ئەم فەرموودەیە لۆمە وسەركۆنەی تێدایە بۆ ئەو كەسانەی كە هەرچیەكیان بیست دەیگێڕنەوە، چونكە عادەتەن ئەو كەسە درۆ وڕاستیش دەبیستێ، جا ئەگەر هاتوو هەرچیەكی بیست و گێرایەوە، ئەوە درۆی كردووە لەبەر گێرانەوەی ئەو درۆیانەی كە بیستویەتی .{ شرح النووي على صحيح مسلم" (1 / 75)} .

زۆر بەداخەوە زۆربەی دامەزراوەکانی هەواڵیش لە جیهانی ئیسلامیدا، بەبێ بەدواداچوون ودڵنیا بوونەوە لێیان هەموو جۆرە هەواڵێك بەچاك وخراپیشەوە بڵاو دەکەنەوە .

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) باسی ئەوەی کردووە کە پیاوێکی بینیوە لەخەودا کەلەڕۆژی دواییدا سزا دەدرێت کە بەپشت ملیدا پاڵیان خستبوو، پاشان لایەك لەدەم وچاوی توند ەکرێت تا پشت ملی دوولەت دەبێت ، وکونە لووتی دەبرێت بۆ پشت ملی، وەچاویشی بۆلای پشت ملی، کاتێکیش پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری کرد لەبارەی ئەو کەسەوە، پێیان ووت : ئەوە کەسێکە کە لەماڵ دەردەچێت هێندە درۆ دەکات تا دەگاتە ئاسۆی ئاسمان، ئاوای پێ دەکرێت هەتا ڕۆژی دوایی { رواه البخاري (6096)} .

ئەم فەرموودەیە دەچەسپێت بەسەر هەندێك لەپەیامنێرانی وەکالەتەکانی هەواڵدا، هەندێکیان لەگەڵ هەواڵێکی ڕاستدا سەد درۆی پێوە دەلکێنێت، هەر ئەوەندەی چرکە ساتێك دەزانێت هەواڵەکە بەرۆژهەڵات ورۆژئاوایی دونیا بڵاوبووەتەوە.

**دووەم :** مەرج نییە هەموو هەواڵێکی ڕاستیش بڵاو بکرێتەوە، چونکە زۆر هەواڵ هەیە باش نییە بەناو هەموو خەڵکیدا بڵاوبکرێتەوە، خوای گەورە هەڵەی ئەم ڕێڕەوەی ڕوونکردوەتەوە وفەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَىٰ أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ {النساء : 83} واتە : لێرەدا خوا ڕەخنە دەگرێت لە هەندێک ئیمانداران): هەرکاتێک هەواڵێکیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەکەنەوە (بیر لە سەرئەنجام ناکەنەوە)، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەکردایەتەوە و بیانگێڕایەتەوە بۆلای پێغەمبەرو (صلى الله عليه وسلم)، یان بۆ لای کاربەدەستانێک کە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی کەلە نهێنی هەواڵەکان تێدەگەن و دەکۆڵنەوە، نهێنی و ڕازەکانیان لێ دەردەهێنا، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو ڕەحمەت و میهرەبانیەکەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەکەوتن، جگە لە کەمێکتان .

شێخ عبد الرحمن السعدي : لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت : ئەمە ئەدەب دادانی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی کە ئەو کارەیان کارێکی ناشایستەیە، وە پێویستە

لەسەریان ئەگەر کارێکی گرنگ کە بەرژوەندی گشتی تێدابوو، پەیوەندی بە ئەمن وئاسایشی بڕوادرانەوە هەبوو، یان بەترسێك کە موصیبەت بوو بۆیان، دەبێت دڵنیا ببنەوە لەو هەواڵە و هیچ پەلە نەکەن لەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەدا، بەڵکو بیگێڕنەوە بۆلای پێغەمبەر وکاربەدەستی موسڵمانان لەخۆیان، ئەو کەسانەی بیرمەند وخاوەن ژیری وئەهلی نەصیحەتن، ئەوانەی کە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان باشتر شارەزان ودژەکەیشی دەناسن، جا ئەگەر زانیان بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە وخۆشی وشادی دەخاتە دڵیانەوە وئەیانپارێزێت لەدوژمنانیان، ئەوە ئەو کەسە ژیرانە بڕیاری بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە دەدەن، خۆ ئەگەر زانیشیان هیچ بەرژەوەندی تێدا نییە. یان زیانەکەی زیاترە لەبەرژوەندی گشتی، ئەوا ئەو کاتە بڕیار دەدەن بڵاوی نەکەنەوە ...{ تفسیر السعدي" (190/1)} .

**سێیەم :** دوورکەوتنەوە لەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە فەزیحەی تێدایە، چونکە شەریعەتی ئیسلام لەسەر ئەوە وەستاوە کە نهێنی موسڵمان پەردەپۆش بکەیت، نەك بڵاوکردنەوەی هەڵە وکەم وکورتی و فەزیحەکانیان بۆ هەموو خەڵکی دونیا .

لەفەرموودەیەکی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویت : « من ستر مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ » {رواه البخاري (2262) ، ومسلم ( 4677) } واتە : هەرکەسێك نهێنی و عەیبی موسڵمانێك بشارێتەوە خوای گەورە لەڕۆژی دواییدا نهێنی وعەیبی ئەو کەسە ئەشارێتەوە.

بەهەمان شێوە لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی فاحشە وداوێن پیسی وخراپەکاری و تاوانیشدا هەروایە .

باشە موسڵمانان چ سوودێکیان پێ دەگات لەبیستن وبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان و کوشتن ورفاندن وخراپەکاری، وفەزیحە ڕەوشتی ودەست درێژی کردنە سەر ناموسی خەڵکی وهەتکردنی .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو زۆر بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە وای لێدێت کە تاوان و کوشتن و داوێن پیسی وخراپەکاری لای خەڵکی ئاسایی ببێتەوە، وبەکارێکی قێزەونی نەزانن لەبەر زۆر دەستا ودەستکردن وبیستنی لەناو خەڵیدا.

حافظی ابن رجب ئەڵێت : هەندێك لەوەزیرە خواناسەكان بەو كەسانەیان دەووت كە كاریان فەرمان كردن بوو بەچاكە بەخەڵكی، تا دەتوانن گوناهبار وسەركەشەكان بپۆشن، چونكە دەركەوتن و ئاشكراكردنی گوناهەكانیان شەرمەزاری وعەیبەیە بۆ ئەهلی ئیسلام { جامع العلوم والحكم (340/1).} .

**چوارەم :** دوور كەوتنەوە لەبڵاوكردنەوەی هەواڵی بێ مانا و بێ تام كە بڵاوكردنەوەیان هیچ خێروبێرێكی تێدا نییە بۆ ئوممەتی ئیسلام، وەك بڵاوكردنەوەی هەواڵی هەندێك لەو ژن وپیاوە بەناو هونەرمەندانەی كە تەواو داشۆراونەتەوە لە هەموو ڕەوشت وبەهایەكی ئیسلامی .

بۆیە باشتروایە كە گرنگی بدرێت بەهەواڵی جیهانی ئیسلامی و ئەو هەواڵانەی كە بۆ موسڵمانان گرنگن وسوودی دین ودونیایانی تێدایە .

**پێنجەم :** بەهیچ جۆرێك وێنەی ئافرەتان بڵاونەكرێتەوە .

**شەشەم :** با ئەو ووتار وبابەتانەی كە بڵاودەكرێنەوە ئامانجی باشیان لەپشتەوە بێت، بەشێوەیەك چارەسەری گیروگرفتی لایەنی بیروباوەڕ ویەكخواپەرستیان

بکات، یان چارەسەری گیروگرفتە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیەکانیان بکات، یان هەر بابەتێکی بەسوودی تر .

**حەوتەم :** دوورکەوتنەوە لەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی کە بۆنی دووبەرەکیان لێ دێت یان بۆنی نەژارد پەرستی و نەتەوە پەرستیان لێ دێت لەنێو گەلان و وڵاتاندا .

خوای گەورەش زانا وشارەزاترە .

ماڵپەڕی ( الإسلام سؤال وجواب ) بەشی سیاسەی شەرعی.